# خەباتی خەڵکی مەهاباد و پێویستی پشتیوانی کردنیان لە لایەن هەموو خەڵکی کوردستانەوە

عومەر ئیلخانیزادە

واچوار رۆژ ە شاری قارەمانی مەهاباد کەوتووەتە ژێر زەخت و فشاری هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی و بە گشتی شار لە هەل و مەرجێکی یائاسایی دا بە سەردەبات. لە دوێنی وە دوکان و بازار داخراون و حکوومەتیش بەکردوەهێزێکی زۆری رژاندوەتە ناو شارو حکومەتی نیزامی بەرێوەدەبات. بە دوای کوشتنی کاك کەماڵ ئەسفرین ناسراو بە شوانە لە لایەن هێزەکانی رژیم، خەڵکی شاری مەهاباد دەستیان دایە ئیعتراز و کاربەدەستانی حکومەت لە جیاتی وڵام دانەوەبە داخوازیە رەواکانی خەڵك دەستیان دایە توندوتیژی و خەڵکیش بۆ ئیعترازی زیاتر دوکان و بازارو شاریان تەعتیل کرد.

لەماوەی هەشت نۆ مانگی رابردوو ئەوە چەندەمین جارە کە لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە هێرشی چەکداری دەکرێتە سەر لاوان و کەسانی بێ گوناە دەکوژرێن یان لەگەڵ هەر خۆشی وشادیەکی خەڵکی شاری مەهاباد وباقی شارەکانی تری کوردستان هێز دەرژێنە ناو شار وگوشار دەخەنە سەرخەڵك و هەموو جارێش خەڵك بەرەنگاریان بوونەتەوەو تا ئێستاش نەیان توانیوە وەری خەباتکارانەی خەڵکی کوردستان تێك بشکێنن بە حەق خەڵکی کۆڵنەدەری مەهاباد لە پێشەوەی ئەم خەبات و خۆڕاگریەدان و زۆریش روون و ئاشکرایە کە دوژمی بە ئەنقەست دەیهەوێ بیانوو بە خەڵکی مەهاباد ولاوە تێکۆشەرەکانی بگرێ. تەقەکردن و کوشتن و شپرزەکردنی تەرمی کاك شوانە ش نموونەیەکە لەوقین لەدڵی و دوژمنکاریەی کۆماری ئیسلامی.

ئەوە چەند رۆژەخەڵکی سەربەرزی مەهاباد نیشانیان داوە کە بە باشترین شێوە یەکگرتوویی خۆیان دەپارێزن، کە لە زەبروزەنگی رژیم ناترسێن، بە ڵکوو رق وتووڕەییان زۆرتر دەبێ و بە گشتی رواڵەتێکی خەباتکارانەیان دژ بە داگیرکەرانی کوردستان لە خۆیان نیشانداوە.

هەموو ئەو راستیانەو بەبەشداری نەکردنی خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردندا ئەوە دەسەلمێنن کە دەورەیەکی تازە لە بەربەرەکانێی خەڵکی کوردستان دژ بە کۆماری ئیسلامی دەستی پێکردووە کە پێویستە چەند خاڵی لە بەرچاو بگرین، یەکەم بزانین کەرژیم لەو هەلو مەرجەدا دژکردەوەی دەبێ و یەکگرتوویی و ژیری و هاوئاهەنگی خەڵك لە بەربەرەکانێدا دەورێکی گرنگی هەیە بۆ ئەوەی هەر جارە سەرکەوتنێك وەدەست بێنن و ورەی خەباتکارانەی جەماوەر بەرز بێتەوەو یەکریزی مان پتەوتربێ.

دووهەم ئەوەیە کە نابێ بهێڵین هەرجارە شارو ناوچەیەك وەتاق بخەنەوە و سەرکوتی بکەن، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە تێکۆشەرانی هەمووکوردستان هەرکات شارێك یان ناوچەیەك بەربەرکانێ لە گەڵ رژیم دروست دەبێ، کارێك بکەن لە باقی شوێنەکان و شارەکانیش بە شێوازی جۆراوجۆر پشتیوانیان لێ بکرێ. هەربۆیە کۆمەڵە ئێستاش لە هەمووخەڵکی کوردستان داوا دەکات کە بە هانای مەهابادەوە بچن و بە شێوەی گونجاو ئیعتراز بکەن بەو درەندەیە و بە حکوومەت نیزامیەی وا لە مەهاباد بەرێوەدەچێ.

سێهەم خاڵی گرینگ ئەوەیە هەر خەبات و ئیعترازێکی ئێستا دەبێ داخوازی دیاریکرواو لەخۆ بگرێ و بۆ هەمووان روون بێت. بۆ نمونە ئێستا هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی نیزامی بە کردەوە لە مهاباد, موحاکەمەی قاتڵینی کاك شوانە و کۆتایی هێنانی بە دەست درێژیەکانی رژیم دەکرێ داخوازی خەڵکی مهاباد و باقی خەڵکی کوردستان بێ. ئێمە دەبێ بزانین کە هەر بە تەنیا شارێك و هەر بە ئێعترازێك, کۆماری ئیسلامی ناروخێ یان باشتر ئەوەیە بڵێین کە مەبەستی هەر ئیعترازێك یەکسەرە کردنەوەی کار و هەڵچنینی هەموو دەزگاکانی کۆماری ئیسلامی نیە.

خەڵکی کوردستان خوازیاری روخان و لەناوبردنی کۆماری ئیسلامییە و پێی وایە لەورێگایەوە مافەکانی خۆشی دابین دەکرێ و دێموکراسی دادەمەزرێ. بەڵام ئەم پرۆسەیە هەر بە تەنیا ئەرکی کوردستان نیە. ئێمە دەبێ قۆناغ بە قۆناغ و لە هەر بوارێکدا رێکخراو بوون, یەکگرتوویی و ورەی خەباتکارانە لەناو خەڵکی کوردستاندا پەرە پێ بدەین و پتەوی بکەین, تا هەر رۆژەو هەرجارە زۆرتر لەو ئامانجە سەرەکییە کە رزگاری گەلی کورد و روخانی کۆماری ئیسلامییە نزییك ببینەوە. هەربۆیە هاوکات لە گەڵ بەربەرەکانێ و ئیعتراز دەبێ ژیری و وشیاری خۆمان رابگرین کە کوردستان بە گشتی وەتاق نەخرێتەوە و خەڵکەکەی چاوترسین نەکرێن. ئەوە وزیفەی تێکوشەرانی سیاسیە کە ئەم ئەرکانە بەوردی لە بەرچاو بگرن. گرینگترین ئەرك پشتیوانی کردن لە خەڵکی مهابادە و با هەموو کوردستان پشتگری مەهابادبکەن و دوژمن وانەزانێ هەرتەنیا لە گەڵ چەن گەڕەکێك یان شارێك بەرەوڕووە. بانیشانی بدەین هەمووما لە هەموو شار و دێهات یەك خەبات و یەك و مەبەست و یەك دەنگین.